ROJî GEl , Weekly Newspapper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

# بەتواناترین سێ لاوی هەڵکەوتوو بۆ نیو ساڵی یەکەمی ٢٠٠٨

سەرتاسەری کوردستان ئەنجامی دا بۆ دەستنیشانکردنی بە تواناترین سێ لاوی هەڵکەوتوو لە نێو بواری کارکردن و دەرخستنی تواناکان لەم ڕاپرسیە شاعیری لاو ( دەرباز یونس ( پلەی یەکەم و ( کاوە حوسێن ) پلەی دووەم لەسەر ئاستی شاعیرە لاوەکان و ) گۆران سالح ) بە پلەی یەکەم و ( ڕەوەند ) بە پلەی دووەم لە سەر ئاستی گۆرانی بێژان و ( محەمەد شکاک ) بە پلەی یەکەم و ( محەمەد ئەحمەد چەمچەماڵی ) بە پلەی دووەم لەسەر ئاستی ڕۆژنامەنووسان هەڵبژێردران، شایانی باسە سەرچاوەیەکی نزیک لە ڕاپرسیە پێی ڕاگەیاندین لەم ڕاپرسیە پشت بە دەزگا ڕاگەیاندنەکان و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان کراوە وەکو دیارە ( دەرباز یونس ) لەم نیو ساڵی یەکەمی ٢٠٠٨ کتێبی شیعری ( خەمی غوربەتیشت ئەخۆم ) ی بە چاپ گەیاندووە کە خاوەنی زۆرترین خوێنەر بووە و زۆری ڕادیۆ گرنگەکانیش وەکو ڕادیۆ ( دەنگی کوردستان، ئاشتی، زین، نەوا، زانکۆ ( تا ئێستاش باسی لێوە دەکەن و لە هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکان وەکو ) خەبات، کوردستان ڕاپۆرت، نواڵەی نوێ، هاوبەشی، هەولێر پۆست، ئاشتی نامە، سۆما، پرس ) باس لە لێهاتویی ئەم شاعیرە کراوە جگە لە کەناڵە تەلەفزیۆنە ئاسمانیەکان و محەلیەکانیش، هەروەها هەمان سەرچاوە باسی گۆرانی ( من ئاشقم ( ی ( گۆران سالح ) ی کرد کە زۆرترین گوێگرو زۆرترین دووبارە بوونەوەی هەبووە لە هەموو کەناڵە محەلی و ئاسمانیەکان جگە لە کەناڵی ( کوردسات ( و لە زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکان دەنگۆی ئەم گۆرانیەی ( گۆران سالح ( گرنگی تایبەتی هەبووە و لە ماوەیەکی زۆر کەم دا توانیویەتی جێگای خۆی بکاتەوە لەنێو هەموو گوێگران و ئاشقانی گۆرانی، هەمان سەرچاوەش باسی لێهاتوویی ( محەمەد شکاک ) دەکات کە لە ماوەی ئەم ٦ مانگی یەکەمی ٢٠٠٨ خاوەنی زۆرترین بابەت و بڵاوکراوە بووە لە ڕۆژنامە و گۆڤارو ماڵپەڕە ئەلیکترۆنیەکان کە گرنگی تایبەتی هەبووە ئەمە جگە لەوەی ئەم لاوە زۆرترین هێرشی ڕاگەیاندنی لەسەر بووە و ئیهانە کراوە بەڵام هەر بەردەوام بووە و ورەی نەمردووە، سەرچاوەکە ئەمەشی درکاند لە کۆتایی ٦ مانگی ٢٠٠٨ دووبارە ڕاپرسیەکە ئەنجام دەدرێتەوە و هەوڵ دەدەین ئەم جارە بە شێوەیەکی فراوان تر و دەقیقتر ئەنجامی بدەین.





**ئاڤان لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان**
**٢٠٠٨-٧-١٨**

## وەسیەتی ماچ



**یاسین برایم**

گوڵەکەم زۆر بە نەهێنی
ئەم پەیڤانە بە وەسیەت بۆت
دەنووسم.
نیشتمان بۆنی دۆزەخی لێ دێ
خۆشەویستیی ئەژدیهایە و
مرۆڤ قووت دەدات.
ئێرە مەملەکەتی جەلاد و ئەهریمەنە
خوێنڕێژەکانە
لە مێژە وتوومە:
کەس وەک من هۆگری ماچ نییە
بەڵام لەم وڵاتە،
ماچ نەک هەر نرخی نییە
باسکردن و ناوهێنانیش
گەورەترین تاوان و بەدڕەوشتییە.
تێناگەم، نا
ژیان بێ ماچ واتای چییە!
گوێم لێ بگرە گوڵەکەم،
ئەی خۆشەویسترین و پاکترین کەسی
دڵەکەم
تۆش ئاگاداربە جوان
گومانت هەبێت گومان.
لەلای منیش
لە تاریکترین شەو
لە تەنیایی ژووری نوستن
لە دەرەوە لە ماڵ
لای دۆست و هەڤاڵ
لای بچوکترین منداڵ
نەکەی هەڵە بکەی
ناوی ماچت لەدەم دەرچێ
چونکە لەم نیشتیمانە
مرۆڤ لەسەر ئەم پەیڤە جوانە
تیرۆر دەکرێ و ئابڕووی دەچێ
دوور مەزانە سپێدەش
بکرێتە هەواڵ و
لە مانشێتی ڕۆژنامە
ناوت دەرچێ!

# یاریزانێک لەبەر کوردبوون لە یاریەکان دوور دەخرێتەوە



سەرچاوەکانی هەواڵی تورکیا ئاشکرایان کرد کە یاریزانێکی (تێکواندۆکارێک)ی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاش ئەوەی لە وڵاتی تورکیادا لە سەر ئاستی پارێزگادا پلەی یەکەمی بە دەست هێنا، ڕێگەی لێگیراو بە هۆی کورد بوونییەوە بو هەمیشە لە بەشداری کردن لە کێبرکێکانی ولاتی تورکیا دا بێبەش کرا و هەموو مافێکی وەرزشوانی لێ ئەستێندرایەوە.

لە یاریەکانی تێکواندۆدا کە لە ڕۆژانی ١٧ و١٨ مانگی تەمموز لە سەر ئاستی پاریزگاکاندا لە ولاتی تورکیادا بە بەشداری یاریزانانێکی زۆر بە ڕێوە چوو، تێیدا یاریزانی کورد **جەعفەر ڕەسوولی** لە کێشی ٦٧ کیلۆدا بەشداری کردو پلەی یەکەمی بەدەست هێنا، بەوهۆیەشەوە ناوبانگێکی زۆری بۆخۆی پەیدا کرد، بەلام هەر لە دووای تەواوبوونی یاریەکاندا کۆمیتەی دادوەری و بەرێوەبەریی یاریەکان ڕایانگەیاند کە ئیدی جەعفەر ڕەسوولی بۆی نیە لەهیچ یارییێکی دیکەی ولای تورکیادا بەشداری بکات، هۆیەکەشی بۆ کوردبوونی دەگەڕێتەوە.

لەوانەیە ئەم هەواڵە زۆرێک لە خەڵکی جیهان سەرسام بکات، بەڵام بۆ ئێمەی کوردستانی زۆر سادەو ئاسانەو تێدەگەین کە بۆچی تورک لە توانای کورد دەترسێ و بۆچی بەهەموو هێزێکیەوە ڕێگری لە دەرخستنی توانای ڕۆڵەکانی گەلی کورد دەکات؟ بەڵام ئەمڕۆ بۆ جیهانیان ئاشکرا بووە کە مرۆڤگەلێکی بە توانا لەنێو نەتەوەی کورددا هەن و لە داهاتووشدا ژمارەیان زۆرترو بەرچاوتر دەبن.

# کامکارەکان گۆرانی کوردی بۆ ئوسترالیا دەگوازنەوە

هەواڵەکان ئاشکرایان کرد کە گروپی مۆزیکی کامکارەکان بۆ ماوەی دە ڕۆژ لە شارەکانی سیدنی، میڵبۆڕن و بریسبێنی وڵاتی ئوستورالیا دا بەرنامەی هەمەڕەنگ پێشکەش دەکەن.

بەگوێرەی زانیاریەکان بڕیاروایە ٤ بەرنامەی تایبەت بۆ گۆرانیبێژان **بیژەن کامکار** و خاتوو **سەبا کامکار**، پێکبێ، بەوهۆیەشەوە لە زنجیرە کۆنسێرتێکدا گۆرانی و مۆزیکی کوردی و فارسی پێشکەش بکەن. هەروەها لە بەشێکی بەرنامەکەشدا هونەرمەندی ژەنیار **ئەردەوان کامکار** بە ئامێری سەنتوور تاکژەنی دەکات و کۆنسێرتەکان دەڕازێنێتەوە.

جێگەی ئاماژەیە ئەمە یەکەمین جارە کە هونەرمەندان بیژەن و سەبا کامکار لە وڵاتی ئوستورالیادا ئاهەنگی گۆرانی بەڕێوەببەن. زۆربەی ئەو گۆرانیانەی لەو گەشتەیاندا پێشکەش دەکەن لە فۆلکلۆری کوردی و فارسی وەرگیراون و نوێ نین، هەروەها پێشتر لە وڵاتەکانی دیکەی وەکو ئیسپانیاو ئەڵمانیاو فەرەنساو ئێران پێشکەشکراون و پێشوازیێکی گەرمیان لێکراوە.

گروپی مۆزیکی کامکارەکان لە ١٥ هونەرمەندی بە ئەزموون و بەتوانا پێکهاتووە، ئەوانیش بریتین لە: هوشەنگ کامکار کە سەرپەرشتی گروپەکەدەکات و ئاوازدانەریشە، بیژەن کامکار هەم گۆرانیبێژەو هەمیش ژەنیارە، پەشەنگ کامکار ئامێرژەنی سەنتوور، ئەرسەلان کامکار ئاوازدانە و ئامێرژەنی عود، قەشەنگ کامکار ئامێرژەنی سێ تار، ئەرژەنگ کامکار ئامێرژەنی زەرب، ئەردەشیر کامکار ئامێرژەنی کەمانچە، ئەردەوان کامکار ئامێرژەنی سەنتوور، هانا کامکار ئامێرژەنی دەف، سەبا کامکار گۆرانیبێژو ئامێرژەنی دەهۆڵ، نەریز کامکار ئامێرژەنی تار، ئەرژەنگ سەیفی زادە ئامێرژەنی تار، شەروین مۆهاجیر ئامێرژەنی کەمانچە، ئەمیر حەقیری ئامێرژەنی دەف و مریەم ئیبراهیم پوور - گۆرانیبێژو ئامێرژەنی قەیچەک.

# دڵۆپێک لە دەریا بەرهەم دەهێنرێ

سەرچاوەیەک بە هەفتەنامەی ڕۆژی گەلی ڕاگەیاند کە کورتە فیلمی دڵۆپێک لە دەریا بەرهەم دەهێنرێ.

بەگوێرەی زانیاری تیپی نواندنی برایەتی کورتە فیلمی دڵۆپێک لە دەریا بەرهەم دەهێنێ کە هونەرمەند کاروان وەرتی سیناریۆی بۆ نووسیوەو دەریهێناوە.

دڵۆپێک لە دەریا باس لە تاوانێکی دڕەندەیی ڕژێمی سەدام دژ بە کوردستانیان دەکات.

سەنتەری ڤینۆس کاری وێنەگرتنی ئەنجام داوە، لە دەڤەری ڕاپەرین وێنەی لێهەڵگیراوەتەوە و ئێستا لەژێر مۆنتاژکردندایە.

ستۆدیۆی ڤین کاری مۆزیکی بۆ ئەنجام داوە، بڕیاروایە لە داهاتوویێکی نزیکدا بخرێتە بازارەوە.

دڵۆپێک لە دەریا، دڵۆپێک لەو تاوانانەیە کە ڕژێمی بەعس بەمەبەستی بەسووتماکردنی کوردستان و بەعەرەبکردنی کورد ئەنجامی دەدا، هەرچەندە دیمەنەکانی ئەو کورتە فیلمە بە کوردستانیان نامۆ نین، بەڵام دیسانیشەوە هاندەرێکی باشە تا منداڵان و نەوەی نوێ زانیاریان لەسەر ئەو تاوانانەدا هەبێ کە ڕژێمی بەعسی فاشیست و ڕەگەزپەرست دژ بە نەتەوەی کورد بەڕێوەی بردووە.

بەناوی ستاڤی ڕۆژی گەلەوە دەستخۆشی لەو هونەرمەندانە دەکەین کە لەو بەرهەمەدا کاریان کردووە.

# دوو دڵۆپ دەکەوێتە بازاڕەوە




نووسەری ناسراوی کورد، **ئەنوەر کارەهان**، پەڕتووکێکی خۆی لەژێر ناوی دوو دڵۆپ لە شاری ستۆکهۆڵمی پێتەختی وڵاتی سوێد چاپ و بڵاوکردەوە. هەروەها وەشانخانەی دۆز لە ساری ئیستەنبۆلی وڵاتی تورکیادا کۆمەڵە چیرۆکێکی نووسەری ناوبراوی چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

ئەم بەرهەمە پازدە چیرۆکی لەخۆی گرتووە، لە قەوارەی ٩٦ لاپەڕدا چاپ کراوە.

جێگەی ئاماژەیە کە ئەمە شەشەمین بەرهەمی ئەنوەر کارەهانە کە چاپ و بڵاودەبێتەوە. ناوبراو ساڵی ١٩٦٢ لە دێرکا چیایێ مازی چاوی بۆ ژیان کردۆتەوەو ساڵی ١٩٩٧ چۆتە وڵاتی سوێدو لە ستۆکهۆڵمی پێتەخت گیرساوەتەوە.

## ژووانگە

# چەند دڵۆپێک!

**پێنجەم: کاروانی سەیارەکانی بەرپرسان**

سەرەتا کە تازە سەدام حوسێن پۆستی سەرکۆماری لەدەست ئەحمەد حەسەن بەکر دەرهێنابوو زۆر خاکی خۆی پێشان دەدا، دەیویست سەرنجی خەڵک بەلای خۆیەوە رابکێشێ، سەردانی شاروشارۆچکەکانی دەکرد، لە هیکەوە خۆی بەماڵان دا دەکردو دەرگەی سارنجۆکی دەکردەوە، خەڵکی شارەکانیش لەپێشوازی رادەوستان و چەپڵەیان بۆ لێدەدا، هەندێ جار گوڵبارانیان دەکرد، دواتر کە لە دوجێل هەوڵی تیرۆرکردنی درا ئیدی پاسەوانەکانی زیاتر کردن، کە بۆ شوێنێ دەچوو سێ سەیارە پاسەوانیان لێدەکرد، خەڵکی شارەکانی کوردستان بەتایبەتی هەولێرو خەلیفان شاهیدن کە سەدام چوە ئەو شوێنانە هێندە پاسەوانی نەبوو، دواتر هێواش هێواش کاروان و قافڵەی سەیارەکانی زۆرو زۆرتر کرد. ئیتر باڵانسی دیکتاتۆری هەڵساو لەخۆی بایی بوو، تا وایلێهات حەرەس جەمهوری چاوی خەڵکی کوێر دەکرد، ئەگەر خەڵک بیزانییایە سەیارەی پاسەوانی کۆماری تێپەڕ دەبن، خۆیان دەشاردەوەو نەیاندەویست بکەونە بەرچاوان. لە دوایین ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا سەردانەکانی سەدامی دیکتاتۆر بۆ شارەکان دەبوو بە رەشبگیری، هەرکێ دەستبکەوتایە، دەستگیر دەکراو راپێچی زیندان دەکرا.

پارێزگارەکانی سەردەمی بەعس کە بەرزترین دەستەلاتیان لە پارێزگاکاندا هەبوو، تەنیا یەک ئۆتۆمۆبێلی پۆلیس بەدواوەیانەوە بوو، زۆر جارانیش بەتەنیا لەگەڵ یەک پاسەوان بەنێو شەقام و بازاڕەکاندا دەسوڕانەوە، دوای راوە پارێزگار، ئیتر ئەوانیش ترسیان لێنیشت و پاسەوانیان بۆ خۆیان زیاد کرد، بەڵام ئێستا نەک سەرکۆمارو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان، بەڵکو هەموو ئەندامانی پەرلەمان و بەرێوەبەرە گشتیەکان و ئەندامانی سەرکردایەتی حزبەکانی عێراق کاروانێک سەیارەیان لەگەڵدایە، ژمارەیەکی زۆر پاسەوانیان هەیە، دەستیان لەسەر پەلاپیتکەی چەکەکانیان دایە، بۆ دەستڕێژ ئامادەن، ئەمەش بە بیانۆی هەبوونی تیرۆریست و هەڕەشەی کوشتن درێژەیان پێدەدرێ و زۆرتر دەکرێن.

ئەگەر دەگوترێ رەوشی شارەکانی عێراق ئاڵۆزو شێواون، شانەی تیرۆریست و گروپە چەکدارەکانی تێدایەو بەردەوام تەقینەوەیان تێدا ئەنجام دەدرێ، بەڵام خۆ سی شارەکەی باشووری کوردستان تەواو ئارامن، لە سایەی هێزەکانی ناوەخۆوە هێمنایەتی و ئاسایش پارێزراوە، بەڵام دیسانیشەوە زۆربەی بەرپرسەکانی حکومی و حزبی کاروانێک سەیارەیان لەگەڵ دایە، ژمارەیەک پاسەوانیان هەیە، بەهەر شوێنێک تێپەڕ دەبن، خەڵکەکە زراوڕژێن دەکەن، چونکە پاسەوانەکان جلی شەرکەریان لەبەردایەو لوولەی چەکەکانیان دەرهێناوە و روو لە خەڵک رایانگرتووە.

ئێستا دوای ١٧ ساڵ لە حوکمی خۆماڵی، دوای کۆتابوونی شەڕی نێوەخۆو ململانێ و دوژمنایەتی نارەوا، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە بەرپرسانی وڵاتەکەمان ئەو دیاردەیە بنبڕ بکەن و سڤیلبوون بۆ شارەکان بگێڕنەوە؟!

**رێکار ئەحمەد**
rekarahmed@hotmail.com
www.rekar.org

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com